# سزای دوکتۆر کەمال بەکام تاوان ، بەکام یاسا؟

خەلیل غەزەلی
xelilxezel@yahoo.com

ئەوە ماوەیەکە سایتە کوردیە سەربەخۆەکان بە پەرۆشەوە خەریکی بلاوکردنەوەی هەواڵی بڕینەوەی 30 ساڵ زیندان بۆ دوکتۆر کەماڵ قادر لە لایەن دەسەلاتی پارتییەوەن . حوکمێک کە تەنیا دەرخەری تووڕییی و عەسەبی بوونی بڕیاردەرانییەتی . چوونکە هەموو دیاردەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو حوکمە بە هەرزار و یەک هۆ ناتوانێ سەربگرێ .

باشە دوکتور کەمال لەسەر کام بریاری یاسایی گیراوە و پاشان بەکام "یاسا" دادگایی کراوە ؟ یاسای کۆنی ئێراق کە پتر لە 70ساڵ لە لایەن دەسەلاتە جۆربەجۆرەکانەوە، دژی ئازادی و ئازادی خوازان دارێژراوە؟ یا یاسایەکی نوێیە کە لەسەر بنەمای دادپەروەری بۆ گەلی ستەمدیدەی کورد پێک هاتووە. ئەوەی روونە تا ئێستا و پاش ئەم چەندساڵە لە دەسەلاتی نەچەسپاوی کورد لە باشووری کوردستان(هەردوو ئیدارەکە) هیچ یاسایەکی تازە دارێژراو لەسەر بنەمای ئینسانی و مافپەروەرانە نەهاتووەتە گۆڕ. کەوابوو یاساکانی داد لە باشووری کوردستاندا هێشتا هەمان یاسا بێدادیەکانی ئێراقی سەردەمی سەدام حوسێنن. یاساگەلێک کە زۆربەی بەندەکانی دژی مرۆفایەتی و پڕن لە هەلاواردنی و ناعەدالەتی ،بەتایبەت لە ئاستی ژن ،هەژاران ، نەیارانی دەسەلات و جیابیراندا .

بەپێی ئەو یاسایەی کە ئیمرۆ 30 ساڵ حوکم بەسەر دوکتور کەمالدا دەسەپێنێ ، ئەوەی کوردە و بۆ ئازادیی و رزگاری و بەرابەریی تێکۆشاوە " موخەرِب"ە و سزای "رەم" کردنە . واتا بڕیاردەرانی زیندانی کردنی دوکتور کەمال بە یاسایەک ئەو بەرێزەیان زیندانی کردووە و ئازاری رەوانیان داوە کە زەمانێک خۆیان لەسەری قسەیان دەکرد و بە زاڵمانە و دژی ئینسانی ناویان دەبرد .

دوکتور کەمال بە تاوانی دزی ، دەسبڕی ، ساختەچییەتی و تالانی سامانی میللەت نەگیراوە . دوو بابەتی سیاسیی نووسیوە( من لە گەڵ شێوەی دەربڕینەکەی نیم) و بۆچوونی خۆی لەسەر بارزانی دەربڕیوە . گریمان ئەوانەی کە دوکتور کەمال باسی کردووە هەمووی هەڵە و لە قینی دڵەوە هەلڕێژرابن، ئایا تاوانی ئەوە 30 ساڵ زیندانە؟! من پارێزەر نیم و لەسەر تاوان و بێ تاوانی ناتوانم حوکم بدەم . بەلام وەک ئەزموونی ژیان لە ناو چەند کۆمەڵگەی جۆربەجۆردا، لە دیکتاتۆریترین دەسەلاتیشدا( بێجگە لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران) نەمدیوە بۆ بێحورمەتی کردن بە کەس یا بنەماڵە 30 ساڵ زیندان ببڕنەوە . دیارە دەسەلاتە دیکتاتوریەکان لە ئاست جیابیرانی خۆیاندا خراپتر دەکەن . بەلام عەقڵی ئەوەیان هەیە کە لەئاست بیروڕای گشتی(ناوخۆ و دەرەوە)دا وا نیشان بدەن کە بەتاوانی بێحورمەتی بە "سەرۆک" کەس ناکوژرێ و کەس زیندانی نابێ . بۆیە لەم کاتانەدا تاوانگەلی دیکە دەدەنە پاڵ جیابیرەوە و جار جار بوختان و پیلانیشیان بەسەردا دەسەپێنن و پاشان ئەگەر "گەورەیی" بفەرموون زیندانێکی دوور و درێژی بۆ دەبڕنەوە (بەلام نەک 30ساڵ) و ئەگەریش مەبەستیان ترساندنی خەڵکانی تر بێت دەیان کوژن .

بەلام پارتی و سەرکردایەتییەکەی ئیدیعای دیموکرات بوون دەکەن و دەڵێن دژی دیکتاتوری جەنگیون. واتا سنووری خۆیان و نیمچە دەسەلاتەکەیان لە دیکتاتۆری جیا دەکەنەوە . بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایەش سەرۆکی پارتی رۆژ نییە باسی دیموکراسی و رۆحی پێکەوە ژیان و "لێبووردوویی" نەکات . بەلام وا دیارە هەموو ئەمانە دروشم و بۆ دەرەوەی کوردستانن . ئەگینا پارتی بەو هەموو "تێکنوکرات" و "زانا"یانەوە کە لە خزمەتی گرتوون، حەتمەن دەبێ بزانێ کە سەرتاییترین بنەمای گۆمەڵگەیەکی دیموکرات قەبووڵ کردنی ئوپوزیسیون و پێوەندیی سالمی نێوان دەسەلات و جیابیرانە . ئەمە مەرجی سەرەکیی دیموکرات بوون و باوەڕ بە دیموکراسییە . واتا گەر دەسەلاتێک رەخنەگری نەبێ و مەجالی رەخنە گرتن نەدا ناتوانێ خۆی بە دیموکرات بناسێنێ . ئەگەریش خۆی ناساند

،کەس باوەڕی پێناکات. لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراتدا هەموو ئینسانەکان (وەک بەڕێز مەسعوود بارزانی دەڵێ) لە بەرانبەر یاسادا وەک یەکن . ئیتر چ جیاوازیەک نییە کە ئەو ئینسانانە لە بنەماڵەی دەوڵەمەند یا خاوەن دەسەڵات بن یا ئەوەی چین هەژار و نەداری کۆمەڵ . واتا ئەگەر بێ حورمەتی بە رۆشنبیر و جیابیران تاوانە ( کە نییە) و سزای هەیە، دەبێ سزای بێحورمەتی بە رێبەرانیش هەر ئەوەندە بێ .

بەڵام وەک دەبینین لە کردەوەدا خاوەنانی دەسەڵات رێرەوی قسەکانی خۆشیان ناکەن و ئەوەی بە بێحورمەتی بە خۆیان بزانن دەکەنە "بقە" و سزای تایبەت و جیا لە یاسای بۆ دادەنێن .

باشە گەر بڕیار بێ بۆ دوو وتاری دوکتۆر کەمال 30 ساڵ زیندانی ببڕدرێتەوە ، ئەی بۆ ئەوانەی لە 1964 ەوە تا چەند ساڵ پێش شست و شووری یەکتریان دەردەهێناو نەک هەر بە قسە و ئیعلان ،بەڵکە بەکردەوەش دژی یەکتر هەنگاویان هەڵهێناوە و تەنانەت خەڵکیان کوشتووە، دەبێ چ سزایەک ببڕدرێتەوە؟ ئایا هیچکات سنووری مرۆڤایەتیان لە ئاست یەکدا (وەک ئوپوزیسیونی یەکتر) پاراست؟ بێگومان وەڵام نەیە . کەوابوو گەر بێتوو بە پێی یاسا جنیوفرۆش و دەمشڕ سزا بدرێ ، دەبێ ئیمرۆ سەرکردەکانی هێزە سیاسییەکانی باشوور و ماستاوخەست کەرەوەکانی دەوروبەریان سزایان لە هەموو کەس زۆرتر بوایە . ئایا قبحی دوو وتارەکەی دوکتور کەمال گەورەتر لە قبحی رووداوەکانی 64 و 66 و 75 و پاشتر بوون بە مەقاشی دەستی یەکێک لە داگیرکەران و شەرە نێوخۆیە چەند ساڵەکەیە؟ بۆ دەبێ رەخنە گرتن لە بارزانی "تابوو" بێ . مەگەر بارزانی سەرەڕای تەواوی خزمەت و قارەمانیەتیەکانی کە جێگەی رێز و حورمەتن، ئاشبەتاڵی گەورەترین خەباتی چەکداریی نەتەوەیی کورد و گوێ ڕایەڵیی ئێران و ئامریکای لە پەروەندەدا نییە؟

بە باوەڕی من پارتی جیا لە ئیدیعاکانی لە مەڕ دیموکراسی و دیموکرات بوون ، هێشتا نوقمی پێوەندیەکانی عەشرەگەرییە . ئەوە راستییەکە کە لە هەموو روخسار و قەڵافەتیدا هاوار دەکات . هەر ئەو رێبازە کۆنەیە کە بۆ هەڵوێستێکی ئەوتۆ لە ئاست دوکتور کەمال و بە گشتی رۆشنبیران و جیابیراندا هانی دەدات.

وەک پێشتر باسم کرد ،بە باوەڕی من ئەو بڕیارە (30 ساڵ زیندان) سەر ناگرێ . چوونکە یەکەم باشووری کوردستان ناتوانێ هەتا هەتایە لەم حاڵەتە عەشێرەیی ودواکەوتوو ڕاگردنەدا بمێنێتەوە. چوونکە ئەوە تەنانەت لە قازانجی هاوپەیمانی سەرەکی هەردوو هێزی دەسەڵاتداردا (ئامریکا) نییە و بێگومان لێشیان قەبووڵ ناکات . بۆیە سەرەنجام ئەو دوو "ئەمارەتە" ( لەبۆ مەسڵەحەتی خۆشیان بووە) یەکدەگرنەوە . ئەوسا یەکێیەتیش لە باتی 30 ساڵ، داوای 40 ساڵ زیندان بۆ نووسەرانی "جەلالی نامە" دەکات کە بە یارمەتی و هاندانی پارتی ئەنجام دراوە . جیا لەوەش ،ئەوکات کێشەی دوکتۆر کەمال تووشی یەکێتیش دەبێ . واتا یەکێتیش دەبێ تاوانی حوکمەی پارتی بداتەوە. کە بێگومان یەکێتی خۆی ناخاتە ژێر بارێکی گرانی ئەوتۆوە (هەرچەند ئیمڕۆ زۆر هەلپەرستانە سەبارەت بە کێشەکە دەمی خۆی گاڵە داوە) . بۆیە من لەو باوەڕەدام کە پارتی ،دەستی پێشی گرتوو کە پاش نەکەوێ . بەو مانایە کە یا بتوانن لە زیندان دوکتۆر کەمال بشکێنن و ناچار بە تەنازولی بکەن ( کە لەم حاڵەتەدا شەرم و بێ ئابڕوویی بۆ ئەشکەنجەدەران و سەرکردەکانیان دەمێنێتەوە) . یا ئەوەی کە سەرۆک بێتە مەیدان و "پیاوەتی"بکا و داوا لە دادگا بکات کە " ئەوە من لە مافی خۆم خۆش دەبم "و پاشان فەزا سازی دژی رۆشنبیرێك پێک بێنن و "سەرۆک"یش بە مرۆڤ دۆست و بەخشەندە بناسێنن . لە هەرکام لەم حاڵەتانەدا یەک شت وەک خۆی دەمێنێتەوە . ئەویش بەداخەوە بێباوەڕی دەسەڵاتی نەچەسپاوی کوردیە بە مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەتاییەکانی ئینسان و سەلماندنی مافەکانی جیابیران.

بەفرانباری 2005